

هەرزەکاری

بەشی یەکەم: کامەران و ڕەشە

ئیبراهیم ڕەحمەد

ڕۆمان

43978

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بڵاوکراوەی ئیبراهیم ئەحمەد فاوندەیشن



ناوی کتێب: هەرزەکاری- بەشی یەکەم
نووسین: ئیبراهیم ئەحمەد
دیزاینی بەرگ: عەلی ئەرشان خان
خۆشنووسی سەر بەرگ: ئەحمەد سەعید
دیزاینی ناوەوە: بوار نوورەدین
تیراژ: ١٥٠٠ دانە
لە چاپخانەکانی تاران- ئێران چاپکراوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ١٣٧١ی سالی ٢٠٢١ی پێ دراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

١

کابرای حەمال لەژێر فەردەیەکی خەت سووری برنجدا، نیخەنیخی ئەبێ، لە تەپڵی سەربیەوە ئارەق ئەبێ تا کەلەئەنگوستی پێی. بە پەلە خۆی ئەکوتێ بەرەو شانشین خانوویەک، کە چل پەنجا هەنگاو لەپێش دەمییەوە بەدی ئەکات. بەشکوو کۆلەکەی لە سەردانێ و نەختێ بحەسێتەوە. بەر لەوەی بگاتە ئاوات، قادرەفەنی مامۆستای قوتابخانەکەی دراوسێیانی پێ ئەگات، کە لەو حاڵەدا ئەیبینێ، ئەڵێت:

ـ ئاخر مامەمین، کەی ئەمە کۆڵی یەکێکی وەک تۆیە، هیچ نەبێ کۆڵێکی سووکترت هەڵگرتایە!

کۆڵ هەڵگرەکە ڕووئەکا بە لایەوە و بە تەوسێکەوە ئەڵێت:

ـ خۆم حەز لە کۆڵی قورس ئەکەم گیانە، بە قەستی خۆم ئەمەم هەڵبژاردووە! بە خوا بابە ڕاستە تێر ئاگای لە...

لێرەدا شێرەی گرتنەوەی ئوتومبێلێک و خشانی ڕەوڕەوەکانی و کەوتن و بێ دەنگبوونی مامەمین و قیژەیەکی بەسام، قادرەفەنی وشک ئەکەن، کە هەروا هەنگاوێک، دووان لە مامەمین دوور ئەکەوێتەوە.

کە ئەڕوانێ، مینە نیوەی بووە بە ژێر کۆڵە برنجەکەیەوە و ئوتومبێلێکی شینیش، هەر ئەوەیە سواری نەبووە. تەقەلایەکی زۆر ئەدا، تا کۆڵەکە لەسەر پشتی لانەبات، بەڵام کە سەری بەرز ئەکاتەوە، ئەبینێ گیانی تیا نەماوە و نەختێ خوێنیش بە لاشەویلەگەیا هاتۆتە خوارەوە. گورج ڕاست ئەبێتەوە و لە لێخوڕەکە ئەچێتە پێشەوە،

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ئەبینێ منالێکی شانزە حەڤدە ساڵەیە و لە جێی خۆی وشک بووە. کە بە تووڕەییەوە پێی ئەڵێت:

ـ ئای شێتە، خۆ کابرای قوڕبەسەرت کوشت، بابت سووتان!

کوڕەکە دەست ئەکات بە گریان، قادرەفەنیش لەگەڵ هەناسەیەکا ئەڵێت:

ـ گوناهی تۆ نییە، گوناهی ئەو سەگبابەیە، کە ئەو ئوتومبێلەی داویتە دەست! وەرە خواری دەرگەکەم بۆ بکەرەوە، با بیخەینە ناو ئوتومبێلەکە و ببەین بۆ خەستەخانە. ئەگەرچی گیانیشی تیا نەماوە!

وا دیار ئەبێ کوڕەکە زوو دێتە سەر خۆی، چونکە ئوتومبێلەکەی ئەخاتەوە کار و بەر لەوەی قادرەفەنی بزانێ چی ئەکات، پاشە و پاش ئەگەڕێتەوە و پێی پیاڵەنێت و بۆی دەرئەچێت!

ئەمین ئەفراسیاو ئەمرێ، منالە لێخوڕەکەیش تاقانەی تازە پیاکەوتوویەک ئەبێت. لەپێشەوە زۆر ئەشڵەژێن و باوکەکەی تەقەلایەکی زۆر ئەدات و گەڵێ کەس ئەکا بە تکاکار و ناوبژیکەر، بۆ ئەوەی ڕێحانی ژنی مینە، کە دووکچ و کوڕێکی بەسەرا هەتیو ئەمێنێتەوە، چل پەنجا دیناریکی لێ وەرگرێ و واز لە شکاتەکەی بێنێت. بەڵام ڕێحان مل نادات. دەرودراوسێ وای تێ ئەگەیێنن، کە لەوانەیە مەحکەمە سەد، دووسەد دیناریان خوێن بۆ بسێنێت. هەر بە ڕاستیش حاکم حوکم ئەدا بەسەر کوڕەکەدا بە ١١ مانگ بەندکردن، لەگەڵ وەستاندنی جێبەجێکردنی حوکمەکە و سەد و پەنجا دیناریش خوێن بدرێت بە منالەکان و ژنەکەی. ئەم حوکمە نەختێ باری کۆستکەوتن و کوێرەوەری لە دڵی ڕێحانا سووک ئەکات. بەڵام بەر لەوەی پوولێک وەرگرێت، مەحکەمەیەکی ژوورووتر بە تکا و

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

هەوڵدانی باوکی کوڕە، حوکمەکە هەڵئەوەشێنێتەوە و ڕاپۆرتی دکتۆر ئەکات بە بەڵگە بۆ ئەوەی کەوا ئەمینی ئەفراسیاو بە کەوتنە ژێر ئوتومبێل نەمردووە و "شۆک" لێی داوە، ئەگینا ئوتومبێلەکە هەر بەریشی نەکەوتووە. خۆی پەلەی کردووە و پێی هەڵخلیسکاوە و کۆڵە گرانەکەی کەوتووە بەسەرا و گیانی دەرچووە. بۆیە کوڕی تاین بێ تاوانە و هیچ دەستێکی نەبووە لە مردنی ئەمینی ئەفراسیاودا، لەبەرئەوە نابێ هیچ جۆرە حوکمێکی بدرێت.

قادرەفەنی، کە تاقە شایەتی شکاتەکە ئەبێت، کە گوێی لەم حوکمە ئەبێ، بە ڕێحانی ژنی ئەمین ئەڵێت:

– چەتیو! هەڕ بەسەر، ڕاکە زوو خۆت بشارەوە، لەوانەیە لەبری کوڕەکە تۆ و منداڵەکانت لە بەندیخانە تۆندکەن!

ئەم نائومێدی و بەشبڕانە، کۆستی مێرد مردن و هەتیوباریی ڕێحان تازە ئەکاتەوە و ئەکەوێتە بیرکردنەوە، لە دواڕۆژی خۆی و منداڵەکانی.

هەرچەندە سەر ئەهێنێت و سەر ئەبات، بە درێژایی ژیانی پاشەڕۆژیان، تراووسکاییەک بەدی ناکات. لێرەدا بۆ یەکەم جار بایەخ و نرخی ژیان و مانی خۆی لادەرئەکەوێت و زۆرباش ئەزانێ، کە بەبێ ئەو، هەموو منداڵەکانی لەناوئەچن و نە مام، نە خاڵ، نە پوور، نە کەسێکی وا شک نابەن، کە دەرووبەکیان لێ بکاتەوە.

ڕێحان خۆی کچی پیاوێکی کرێکار ئەبێ، هەر لە تەمەنی چوار پێنج ساڵیدا، دایکی ئەمرێ و پاش ساڵێک ئەمیش ئەکەوێتە ژێر چەپۆکی باوەژنێکی درۆ و خراپەوە، کە ژیانی لێ ئەکات بە ژەهری مار. بۆیە لە یەکەم هەلدا، کە بۆی هەڵئەکەوێ، لە تەمەنی ١١ ساڵیدا لە ماڵی باوکی هەڵدێ و خۆی ون ئەکات و بە ڕێکەوتیش ڕێی

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library